هیچ شتێک مەنووسن لەوەی من فەرموومە، وەهەرکەسێک شتێکی نووسیووە لەوەی من فەرموومە جگە لە قورئان؛ ئەوا با بیسڕێتەوە، وبە بێ هیچ حەرج وناڕەحەتیەک لە منەوە فەرموودە بگڕێنەوە، وەهەرکەسێک بە ئەنقەست درۆ بە ناوی منەوە بکات؛ ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دابنێت لە دۆزەخدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ شتێک مەنووسن لەوەی من فەرموومە، وەهەرکەسێک شتێکی نووسیووە لەوەی من فەرموومە جگە لە قورئان؛ ئەوا با بیسڕێتەوە، وبە بێ هیچ حەرج وناڕەحەتیەک لە منەوە فەرموودە بگڕێنەوە، وەهەرکەسێک بە ئەنقەست درۆ بە ناوی منەوە بکات؛ ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دابنێت لە دۆزەخدا».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە هاوەڵانی لەوەی کە شتێک بنووسنەوە لەوانەی کە فەرموویەتی جگە لە قورئانی پیرۆز، وەهەرکەسێک شتێکی نوسیووە جگە لە قورئان ئەوا دەبێت بیسڕێتەوە، پاشان مۆڵەتی پێدان لەوەی کە فەرموودە لە ئەو بگێڕنەوە وهیچ گوناهێک لەمەدا نییە، بە مەرجێک بە دوای ڕاستگۆییدا بگەڕێن لەوەی دەیگڕێنەوە وباسی دەکەن لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-، وئاگاداریانی کردەوە وهەڕەشەی لێدان بەوەی هەرکەسێک درۆ بکات بەناوی ئەوەوە ئەوا سزاکەی شوێنێک دەبێت بۆی لە ناو دۆزەخدا. ونەهی کردن لە نووسینەوەی فەرموودە هەڵوەشێندرایەوە (مەنسوخە): لە سەرەتادا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لە نووسینەوەی فەرموودە کرد بەڵام لەبەر ئەوەی لە پاشان فەرموودەکان زۆر بوون ولەوەیە لە بیربکرێن بۆیە ڕێگەیدا بە نووسینەوەیان، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە وتارێکیدا فەرمووی: (اكتبوا لأبي شاه) [رواه أبو داود] واتە: (بنووسن بۆ ئەبی شاهـ)، لە کاتێکدا کەسێک بە ناوی ئەبی شاهـ داوای نووسینێکی کرد. وهەروەها لە پێغەمبەرەوە هاتووە -صلى الله عليه وسلم- کە ڕێگەی داوە بە عبداللەی کوڕی عەمرو بۆ ئەوەی بنووسێت. وفەرمانی گەیاندنی زانستی شەرعی بە ئومەتەکەی کردووە بۆیە ئەگەر زانستی شەرعی نەنووسرێتەوە ئەوا نامێنێت ولە بیر دەکرێت، ووتراوە: ئەم نەهی کردنە بۆ نووسینەوەی فەرموودەیە لەگەڵ قورئاندا لە یەک پەڕەدا بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبن وببێتە جێگای گومان لای خوێنەر، وهەروەها ووتراوە: ئەمە تایبەتە بە کاتی دابەزینی قورئان لە ترسی ئەوەی تێکەڵ ببێت لەگەڵ نووسینی تر پاش ئەمە مۆڵەت درا بە نووسینەوە، وئەگەری یەکەم لە پێشترە کە ئەم حوکمە هەڵوەشێندراوەتەوە (نەسخ بووەتەوە).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10849